

# پەرشبوونەوەی بێدەنگی

**ژاوێن شاڵی**

ئەوە زەمینە لەژێر پێما ئەلەرزێ
یان لەرینەوەی ئاوێنە شکاوەکانی رۆحی منن
کاتێ بەریەك ئەکەون؟..
ئەوە سینەی ئاسمانی منە دادڕاوە
یاخود سەدای باخچەیەکی دڵتۆراوە؟
بڵێی ناڵەی جوداییەکی تری هێمن بێ
یاخود شەکوای بەڵێنێکی دڵشکاوە؟.

ئەشێ تکانی دوا دڵۆپی مەرکانەکانی ئەوینێك بێت..
یاخود بڵاوبوونەوەی خەبەری لەناکاوی گیرانی مانگێك بێت
ئەودەمەی
شەو بە لێزمە بەسەر سەحەری ئەوینێکا دائەکات و
مروەتی خۆرێك هێوری ناکاتەوە
تاریکیی وێنەی نەمامێك ئاڵاوەتە چەرچەفەکەم و
پرشنگی هەڵاتێ رۆشنی ناکاتەوە..
ئەو نابینێ
لە دادگای چ زوڵمەتێکا مەحکومە
رۆژەکەی!
باکی نییە
لە ئاسمانی چ حیرەتێکا
باڵشکاو کەوتووەتە پەلەقاژەی کەوتنێ
کۆترەکەی..
مروەتێ نابەخشێتە وتن و
بۆ دواجار ناچێتەوە بەر وێستگەکانی خۆشبوونێ
بۆ سەفەری کافرۆشەکەی..
ئەوە زەمین نییە لەژێر پێما ئەلەرزێ..
رەنگبێ نییەتی سەفەرێکی بێ وادە بێ و
پێچانەوەی وردە گەڵاکانی دوا پاییزێ
لە جانتا بەتاڵەکەی
ئەشێ پەرشبوونەوەی رووناکیی
تاریکییەکی رەهابێ
لە جەننەتی تەنهاییا..
یاخود بەکۆتابوونی رێگەیەك بێ
کە وادیاربوو سەرەتایە
لەوانەیە درکاندنی رازی بەباران نەبوونی هەورێ بێت
ئاسمان تەم بێت..
یاخود جێهێشتنی مەعبەدەکانی عیشقێ بێ
لە ترۆپکی پیرۆزییا



# دەق

ئەو دەمەی..
جۆگەلەی گومانێکی قاوەیی
دەڕژێتە نێو دەریا روونەکانی یەقین
ئارامیم ئۆقرەی لێ ئەبڕێ و
تەزووی گوناهێك
رۆحم شەقار دەکات و
لافاوی هەڵچوونێ
سەرەولێژ
قسە دێنێتە وتن و
دەنگی بێدەنگییەك خامۆشی بەخەبەر دێنێت..
ئەوە زەمین نییە لەژێر پێما ئەلەرزێ
پێئەچێ خۆم بم و
بێ جانتا بەرەو هەوار برۆمەوە.
لەوانەشە دەنگی رۆیشتنی راوچییەك بێت
ئەو وەختەی لە راوی کۆترەکان ئەبێتەوە..
ئۆە.. ئەشێ دەنگی پێی تەنیایی بێت
وەختێ بە ئەسپایی دەرگای یەکتاکی پەنجەرەکەم
ئەکاتەوە..
لەوانەشە هیچیان نەبێت!
تەنها ئەوەندەیە
خاڵییە سینەم
سەرم گێژئەخوا..

